# ریکەوتنامەی سایکس بیکو
# کاریگەری لەسەر کوردستان
# 1916

د. همزە کاکە یاسین

- باروودۆخی کوردوستان و ناوچەکە بەر لە رێکەوتنامەی سایکس بیکو

- پێش مۆر کردنی ئەم ریکەوتنامەیە کوردوستان و ناوچەکە بە بارووودۆخێکی خراپی ئابوری و سیاسی تێدەپەری چونکە لە لایەك دەوڵەتی عوسمانی توشی قەیران و تێك جونی بارووودۆخی ناوخوی و دەرەکی ببۆوە لەلایەکی تریش کوردستان لە ژێردەسەڵاتی عوسمانی دوو ئەوەندە بارووودۆخی تێك چوو بوو ئەویش لە ئەنجامی سەپاندنی باجی زۆر و سەربازی گرتنی بە زۆری لاوانی کورد و تێکدانی ئابوری کوردستان

- جەنگی جیهانی یەکەنی و کاریگەریەکانی

جەنگی جیهانی لەسالّی 1914-1918ز زانینی دەستی پیّکرد وە جیهان دابەشی دووبەرە ببو ئەویش بەری هاوپەیمانان کە بەریتانیا و ئیرلەنداو فەرنسا و روسیا بوو لەبەرمبەردا بەرەی ناوەند پیّکهاتبوون لە ( ئەلمانیا –نەمسا – عوسمانی – مەجەر)لەم جەنگەدا ولآتانی هاوپەیمان زۆر چاویان لە خاکی دەلّەتی عوسمانی بوو چونکە ولآتیّکی فراوان و دەسەلآتیّکی پەککەوتەوی هەبوو زۆر جار بە پیاوە پیرە دەناسرا یان پیّیان دەگوت دەلّەتە پەککەوتوەکە بۆیە بەرەی هاوپەیمان هەر زوو پەلاماری خاکی عوسمایینان داو توانیان زۆربەی خاکەکەی داگیر بکەن

- کوردستان له شەری جەنگی جیهانی توشی کاولکاری زۆر بویەوە بەتایبەتی کاتێك بەریتانیا هات و عیراقی گرت و رووسیا کوردستانی رۆژهەلاتی گرت و فەرنساش لەسوریا
- ئیتر قات و قوری برسیتی یەخەی کوردستانی گرت
- پێش کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی ولاتانی هاوپەیمان کە بەریتانیا و فرنسا و روسیا بوون هەوڵی ئەوەیاندا بە نهێنی ئەخاکانەی گرتویان لە نێوان خۆیان دابەشی بکەن

- ڕێکەوتانەی سایکس بیکۆ
- دوای ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان سەرکەوتنیان مسگەر کرد زوو بیریان لە دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی کردەوە لەنێوان خۆیان

ئەوە بوو هەرسێ وڵات لە ساڵی 1916 وزیرانی دەرەویان لە کۆتایەکانی ساڵی 1915 هەریەکە لە

1- وەزیری دەرەوەی بەریتانیا مارك سایکس

2- جۆرج بیکۆی فەرنسی

3- سازانۆڤ روسی

بە نهێنی کۆبوونەوە بو دابەش کردنی ناچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی ئەوە بوو بەم جۆرە خاکی ئەو ناوچەیان دابەش کرد

- بەریتانیا  لە نزیك فەلستین  تا ئوردن و باشوری عیراق تا نزیك ویلایەتی موصلی پێبدرێت
- فەرنسا رۆژهەلأتی تورکیا و لبنان و سوریاو ویلایەتی موسلی پێبدرێت
- رویساش ئەرمینیا رۆژ ئاوا و قستەنتینیە و ئاوەکانی تورکیا وەربگرێت
- ایتالیاش کە دواتر هاتە ناو ریکەوتنەکە ئەویش بریاردرا ئەنادۆلی پێبدرێت
- ئیتر ئەوەبوو دواتر لە ساڵی 1916 ئەم رێکەوتنامەیە بەرسمی لەلایەن ئەو ولأتانە مۆرکرا

- کاریگەری سایکس بیکۆ لەسەر کوردستان
- بەپێی ئەم دابەش کردنە کوردستان خرایە ژێر دەسەڵاتی فەرنسا و بوە شێك لە موڵکی فەرنسا لەناوچەکە
- شۆرشی ئۆکتوبەری روسیا
- دوای ساڵێك بەسەر مۆرکردنی ئەم رێکەوتنە شۆرشی ئۆکتۆربەر لەروسیاز لەساڵی 1917 سەری هەڵدا و گۆرانکاری گەروە لەروسیا هاتەکایەوە ئیتر رووسیای لینینی ئەو رێکەوتنە نهێنەی ئاشکرا کرد و لە رێکەوتنامەکەش کشایەوە وازی لە داگیرکاری هێنا

- ململانێی بەریتانیا و فەرنەسا لەسەر خاکی کوردستان
- دوای ئەوەی کە کوردستان بەشی زۆری بەنهێنی درایە فەرنسا بەلاّم دوای ئەوەی کە بەریتانیا گرنگی ئەوناوچەی بۆ بەدەرکەوت لەڕوی ئابوری و سیاسی و عەسکریەوە بۆیە بۆیە هەولّی زۆریدا بۆ ئەوەی فەرنسا رازی بکات کە دەست هەلّبگرێت لە ویلایەتی موسل بەتایبەتی بۆ بەریتانیا ئەوەبوو دوای دانیشتنی گفتو گۆ بەریتانیا بەشێك لە مولکی خۆی لە ئەفریقیا بەخشیە فەرنسا لەبەرمبەر ویلایەتی موسل بەم جۆرە ویلایەتی موسل دووبارە بەنهێنی کەوتە ژێر دەسەلاّتی بەریتانیا

- بەلاَم لە رووی واقیەوە بەریتانیا نەیتوانی  ویلایەتی موسل بەئاسانی داگیر بکات و بنکە و بارەگای خۆی لێدابمەزرێنی ئەوبو لەساڵی 1917-1918 جەنرال مارشال و ستنالی مۆد توانیان لە دوو هێرشی جیا تونیان ویلایەتی موسل بەشەر لە ژێر دەستی دەولەتی تورکیا دەربهێنن هەرچەند پێشوتر یش رێکەوتنی مۆدۆرس لەنێوان بەریتانیا و تورکیا سەبارەت بە ویلایەتی موسل مۆرکرا بوو کە ئەم ناوچەیە بۆ تورکیا بمێنیتەوە بەلاَم بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا وای دەخواست ك ئەم ناوچەیش داگیر بکات و هەژمونی سیاسی و سەربازی خۆی بەسەر ئەوماوچە گرنگەشدا بسەپێنێ

- **بارودۆخی کوردستان دوای ڕێکەتنامەی سایکس بیکۆ**
- **لە ئەنجامی ئەم ڕێکەوتنامەیە کوردستان بەفەرمی دابەش کرا و خرایە ژێر دەسەلاتی ئەم ولاتانە و بەریتانیاش بەتایبەتی بەلام لەدوای سالی 1917 وە ئیتر لە ڕوو ئابوریەوە کوردستان توشی گەورەترین کارەساتی مرۆی بویەوە بەدرێژای مێژووی خۆی بەخۆیەوە نەبینی بوو ئەویش گرانی و قاتو قڕی و برسێتی بوو کە لە مێژوودا بە ((گرانی گەورە ))(( سفر بەرلك)) ناسراوە کە سەدان هەزار کەس بەس لەبرسان گیانیان لەدەستدا ئەویش لە دەرئەنجامی ئەو تالان و کالکاریەی کە هێزەکانی رووسیا و بەریتانیا بەسەر کوردستانیان دا هێنا بۆیە لەڕووی ئابوریەوە کوردستان توشی وێرانی بوو**

- لەڕووی سیاسیشەوە ئەم ناچە پشتگوێ داگیر کرا لەلایەن بەریتانیا و بەلاٚم ململانێ تورك و بەریتانیا لەسەر کوردستان درێژەی هەبوو جونکە خۆیان بەخاوەنی ئەم ناوچە دەزانی لەلایەکی تریشەوە کورد لەبەرامبەرمبەر داگیرکاری بەریتانیا بێدەنگ نەبوو ئەوەبو شێخ محمود لەساڵی 1918 لە دژی بەریتانیا راپەری دواتریش لە ساڵی1919 ناوچەی بارزان و ئاکری دواتریش هەولێر و تواوی کوردستان دژی بەریتانیا شۆرشیان کرد.
- پاشان بەریتانیا بەناجاری بریاریدا کە حوکمی ئەم ناوچەیە بەکوردەکان بسپێری و لەژێرچاودێری انتیدابی بەریتانیا حکومی خۆیان بکەن

- بۆچی باشوری کوردستان خرایه سەر عیراق
- دوای ئەوەی کە دەوڵەتی عیراقی لەساڵی 1921 بەفەرمی دامەزرا و ملیك فیصل کرایە مەلیکی عیراق دەسەڵاتی لە فاو تا ناوەرستی عێراق بوو ویلایەتی موصل نەخرابویە سەر عێراق بەڵکو لەژێر دەسلاٌتی کورد و لەژێر چاودێری بەریتانیا دامایەوە بەلاٌم بە هۆی هاتنە پێش کۆمەڵێك گۆرانکاری ئەم ناوچەیە خرایە سەر عێراق دوای ساڵی 1925 ویلایەتی موصلیش بەفەرمی خرایە سەر عێراق